بەرپرسێکی ڕۆژئاوای کوردستان گیانی لەدەستدا بەهۆی هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا

نیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە، هاوسەرۆکی پارێزگای قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان "یوسرا دەرویش" گیانی لەدەستدا و جەگرێکی بریندار بوو بەهۆی موشەکبارانکردنی ئۆتۆمبێلەکەیان لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لەسەر ڕێگای گوندی تەل شەعیر.

لەم بارەیەوە حکومەتی ناوخۆی ڕۆژئاوای کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، "سیاسەتی بێئامانجکردنی داگیرکاریی تورکیا ئاشکرایە کە بریتییە لە لەدانی پێڕۆی حکومەتی ناوخۆی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو ئامانجکردنە هاوکات دەبێت لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی دادگاییکردنی ئێندامانی تیرۆرستانی داعش کە تورکیای پشتیوانی تیرۆریزم ئەوی ناوێت".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە،" داوا لە لایەنە نێودەوڵەتییەکان دەکەین کە ئاگر دژی ڕۆژئاوای کوردستان بوەستێنن و بەرپرسیارێتی خێیان جێبەجێ بکەن و ڕێگری لە تیرۆری دەوڵەتی داگیرکەری تورک بکەن".